# توخوا خانەیەك بۆ (ئەدەبی ژنان) جیاکەنەوە ،
# نەکا خوشکە فێمینیستەکان دەستنوێژیان بشکێت

ڤینۆس فایەق
venusfaiq@gmail.com

زۆر سەیرم لەو بیرکردنەوە و ڕێبازە فیکریانە دێت کە لەسەر بنەمای لەغووکردنەوەی (ئەوی تر) بینا بووە ، ئەو دیاردەیەی بەناوی دیموکراتیشەوە زیاتر تەشەنە ئەکات و پەرە ئەسەنێت ، و کەرەسەی بۆچوونەکانیان دژەبەرایەتی کردنی (ئەوی تر)ە ، لەکاتێکدا لە دونیای مۆدێرنی ئەمڕۆدا ئەوە هەر باوی نەماوە ، من نەمبینیوە بە هێندەی کۆمەڵگای دواکەوتووی ئێمە بۆ نمونە ژن دژە بەرایەتی ژن بکات ، لەکاتێکدا هەردووکمان کۆیلەی هەمان دابونەریت و کارەساتی ئەخلاقی کۆمەڵگایەکین ، هەر ئەوەشە بووەتە هۆی ئەوەی ژنێکی نمونەی (ڤێرجینیا وۆلف)ێکی ترمان تیا هەڵناکەوێتەوە ، (کە زۆر کەس سەرسامی بیروبۆچوونەکانین) کەچی هیچی ناوتوانن بەرجەستەی بکەن ، بەو پێیەی ئەو بیری فێمینیستەی ئەو خانمە لە ساڵەکانی 1880دەکانەوە دایهێناوە ، باوەڕ ناکەم لەسەر بنەمای دژەبەرایەتیکردنی ژنانی تری کۆمەڵگابووبێت ، یان دژایەتی کەسی پێکردبێت ، بەهێندی ئەوەندەی دژایەتی بیری دواکەوتووی کۆمەڵگا و پیاوی پێکردووە ، و باوەڕیشم وانیە تازە ژنێکی تری وا هەڵکەوێت ، چونکە هیچی لەو ژنانەی بانگەشە بۆ ماف و یەکسانی ژن دەکەن باس لە هەموو ژنانی کۆمەڵگا ناکەن ، بە پێچەوانەوە هەرهەموو باس لە خودی خۆیان ئەکەن..

ئەو کاتەی دوو ژن بە دوو شێواز و ڕێبازی جیاواز داکۆکی لە ژن و یەکسانی و ئازادیەکانی ژن ئەکەن ، ئەوە مانای ئەوە ناگەیەتێت ئێمە ئامانجمان جیاواز بێت ، بەڵکوو ئەوە مانای ئەوە ئەگەیەنێت هەردووکمان بە دوو چەکی مەعریفی جیاواز یان بە دوو کەرەسەی جیاواز ئەو داکۆکیکردنە بەرجەستە ئەکەین.. من هەتا ئیستا نەمبینیوە ژنێکی کورد بە ژنێکی تری کوردی وتبێت دەستخۆش بۆ ئەو کارەی کردت ، ئەگەر خۆر و ئەستێرەش بێنێتە خوارێ هەر هەوڵی ملشکاندنی ئەدەن ، (هەندرێن)ی نووسەری کوردی نیشتەجێی وڵاتی سوید لە وەڵامی بۆ پرسیارێکم لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵی کردوومە دەڵێ: "من هەرگیز ژنێکی ئەدیبی کوردم نەبینیوە لەسەر دەستە خوشکە ئەدیبێکی تری بنووسێت لەکاتێکدا سەرسامی ئەدەبی پیاو دەبن و لەسەری ئەنووسن." ئا لەوەدا تەواو لەگەڵیم ، لەبەر ئەوەنا ئەو رایە بچەسپێنم گوایا بەرهەمی ئەدەبی ژن لاساییکردنەوەی ئەدەبی پیاوە ، بەڵکوو لەوەدا هیچ ژنێك لە کۆمەڵگای ئێمەدا دان بەبەهری ژنێکی تردا نانێت ، کە ئەوەش بنەمایەکی پەروەردەیی و دەروونی پێوە دیارە ، هەڵبەتە ئەو بنەمایە پێناسە ناکەم ، چونکە پێویستی بە پێناسەکردن نیە ، ئەوەی ئەم دێڕانە بخوێنێـەوە خۆی تێدەگات..

جگە لەوەی بۆ ئەوەی هەڵگری فیکر و ڕێبازێك بیت پەیوەندی بەوەوە نیە چ ئەدەبێکت خوێندۆتەوە ، عەرەبی یان ئەوروپی ، هەر بە ئەزموونی 9 ساڵم لە ئەوروپا تێگەشیتووم لەوەی بیری (ئەوروپاگەری) کە بەداخەوە زۆرکەسی سەرسامکردووە ، خۆشبەختانە منی سەرسام نەکرد ، ئەگەرێ سوودم لە زۆر لە لایەنی پۆزەتیڤی ژیانی ئەوروپیەکان وەرگرتبێت ، بەڵام ئەوەندەی کە گونجابێت لەگەڵ دروشم و فیکر و مەبادیئی خۆما وەکوو کەسێکی سەربەخۆ و ئازاد کە هەستم بە لێپرسراوی کردبێ لەبەردەم ئەو ئازادی و مافانەی تێکۆشاوم هەتا پێی

گەیشتووم ، چونکە زۆرکەس هەن هەر چاوی شین یان سەوز و قژی زەرد بوو سەرسامی ئەبێت و کە گوێی لە قسەی ئەبێت ئەگەر کەناسی سەرجادەش بێت دەمی دا ئەچەقێنێت..

جگە لەوەی کورد وەکوو میللەت هەر لە کۆن و ئیستادا ئەوەندەی شاعیری بەناوبانگ و بەهرەمەندمان هەن ، ئەوروپیەکان هەر ئەوەندەیان هەیە ، پاشان ئەوەی هەندێ کەس لەوانەیە نەیزانن ئەوروپیەکان ئیستا سەرسامی ئەدەبی میللەتانی وەکوو فارس وکورد و عەرەب و تورك ، چونکە ئەوان گەیشتوونەتە پلەیەك لە رەفاهیەت و نەعیم کە ئیبداعیان پێ ناکرێت بەهێندی کوردێك یان عەرەبێك یان فارسێك یان تورکێك ، ئەگەر شیعری شاعیرێکی هۆڵەندی بخوێنیتەوە ، بابەتەکانی تەواو جیاوازە لەگەڵ بابەتەکانی ئێمەدا ، کە ئەوەش رەنگدانەوەی ژیانی خۆیانە ، کە زۆر لە ژیانی ئێمە بەتاڵترە و بەهاکان هەموو بوونەتە مادیات...ئەوەشی گرنگە بیڵێم ئەوەیەئێمە وەکوو میللەتێکی ژێردەستە ئەبێت شارەزاییمان لە ئەدەب و زمانی داگیرکەرانمان هەبێت رۆشنبیرێکی ناوچەی خۆرهەلأت و بەتایبەت کورد ئەبێت ئەدەبی عەرەب و فارس و تورکی خوێندبێتەوە ،.. هەروەها لەبەر ئەوەی بمانەوێ نەمانەوێ راستیەك هەیە ئەوەیە ئەدەبی عەرەبی و فارسی بۆ نمونە دوو ئەدەبی دەوڵەمەندن ئەگەرچی ئێمە ژێردەستەی رژێمێکی عەرەب بووین و هەموو وڵاتە عەرەبیەکان لەدەست رژێمی دیکتاتۆری ئەناڵینن ، بەلأم ئەوە ئەوە ناگەیەنێت ئەدەبەکەیان دەوڵەمەند نیە ، خۆ ئێمە ژێردەستەی ئەدەبی عەرەبی نەبووین ، و ئەرکی سەرشانی خۆمانە بۆ لەمەودا ئەدەبەکەی خۆشمان بەرز راگرین و بیبەینە ناوەندە جیهانیەکانەوە ، کە بە بێگومان ئەڵێم بووەتە یەکێك لە ئەدەبە جیهانیە ئەکتڤە دەوڵەمەندەکانی دونیا..

کەواتە بۆ ئەوەی ببیتە هەڵگری فیکرێکی بۆنمونە فێمینیستی یان باوەڕ بهێنیت بە هەبوون یان نەبوونی خانەیەك بەناوی (ئەدەبی ژن)ەوە پێویست ناکات بەوەی ئەدەبی ئەوروپی بخوێنیتەوە ، چونکە هەر لەناو ئەوروپیەکاندا ئەو ململانێ فیکری و کولتووریە هەیە ، بگرە هەڵگرانی بیری فێمینیست هەر پاشەکشەیان کردووە ئیستا ، چونکە ئەوان پێشەنگی بزووتنەوەیەکی لەوە گەورەترن بەناوی (بەجیهانیبوون ، واتا عەولەمە) کە هیچ سنوورێکی مەعریفی و سیاسی و کولتووری لەبەردەم ئادەمیزاددا نەهێشتووە ، تەنها کارامەیی و لێهاتوویی خۆی نەبێت وەك ژن یان وەك پیاو .. بۆ نمونە لە هۆڵەندا ژن هەن شۆفێری شاحینەن ، یان شۆفێری پاسن ، ژن هەن شۆفێری شمەندەفەرن ، ژن هەن بەننان، کە ئەمانە مانای ئەوە ئەگەیەنێت ژنی ئەو ناوچەیە باوەڕی بەو خانانە نەماوە کە خۆی تیا قەتیس بکات وەك رەگەزێك ، بەڵکوو ئەو ژنە لەبەردەم پیاودا وەکوو مرۆڤێك کە چی پێدەکرێت خۆی ئەنوێنێت ، چونکە هەمیشە لە کۆتاییدا ژنێك و پیاوێك لە هاوکێشەکەدان...

لەلایەکی ترەوە ئێمە چ ژن و چ پیاو لە ژیانی خۆماندا هەڵگری هەندێ بیروباوەڕین کە خەباتیان بۆ دەکەین ، ئەگەر من چەپ و تۆ راست ، من ژن و تۆ پیاو ، من هەڵگری بیرێکی مرۆڤایەتی و تۆ هەڵگری بیرێکی فیمینیستی ، جیاوازبوونمان ناکاتە ئیفلیجبوونی دۆزەکە بگرە بەهێزی دەکات ، من ئا بەو شێوەیە ئەڕوانمە ژیان و هەموو ئەوانەی دەوروبەرم ، چونکە ئەگەر ئامادەنەبم بۆ منداڵێك لەسەر ئەژنۆ دانەومەوە و دانیشم گوێی لێبگرم بە سینگێکی فراوانەوە ، هەرگیز ئامادەییم نابێت گوێ لە تۆی جیاواز بگرم و رێزیش لە بیروبۆچوونەکانت بگرم..

بۆ ئەوەشی رێبازێکی فیکری تایبەت هەڵگرین پێویست ناکات بەردەوام هەر قسەی نووسەر و رەخنەگر و ناودارە کۆنەکان بجووینەوە ، ئەکرێ خۆمان داهێنان بکەین ، ئەکرێ وتارێك بنووسم هەمووی رای خۆم بێت ، نەك وتارێك سێ چارەکی نووسینەوە و جوینەوەی قسەی ئەوانی ترە هەر لە ساڵی 1800ەکانەوە هەتا دەگاتە

**ئەمرۆ..خەڵکی ناوچەی خۆرهەڵات بەداخەوە گریی (رابەر)یان هەیە ، هەمیشە ئەبێت کەسێك هەبێت بیکەنە رابەر و دوایکەون ، هەمیشە ئەبێت کەسێکی تر هەبێت قسەکانی بڵێنەوە و بیکەنە دروشم ، خۆمان توانای ئەوەمان نیە لەخۆمان ببورین و کەمێ میشکامن بەکاربەرین و داهێنان بکەین..**

**بۆنمونە من ئەمرۆ کە وتارێك سەبارەت بە مەسەلەی (ژن) ئەنووسم ، چ پێویست ئەکات بگەڕێمەوە مێژووی دوور و بەناو کتێبەکانا بگەڕێم و باسی مێژوو بکەم ، ئاخر ئێمە میللەتێکین تەنها ئەزانین لە مێژوودا بژین و تەنها ئەزانین شانازی بەوەی رۆشت بکەین ، بۆیە هەموو ملمان بۆ دواوە گەڕاوەتەوە ، نازانین شانازی بە توانای ئەمرۆمان بکەین و بڵێین ئەوە (منم) ، ئا ئەوەم پێیە ، ئەوەش دوارۆژمە... ئەو دەمەی وتارێك سەبارەت بۆ نمونە بە بزووتنەوەی فێمینیزم ئەنووسم چ پێویست ئەکات بگەڕێمەوە ساڵی 1882 و سەرەتاکانی سەرهەڵدانی ئەو بزووتنەوەیە و بەکێ دەستی پێکرد!! ئەگەر مەسلەکە سوود گەیاندنە ، ئەوە کارێکی ترە ، بەڵام هەروەك چۆن (ڤێرجینیا وۆڵف) ئەو ساڵانە ئەو داهێنانەی کردووە ، ئەکرێ ئێمەش ئیستا خۆمان داهێنان بکەین ، ئەکرێ شتێ بڵێین نەوترابێت ، ئەکرێ شتێ بوترێت رێبازی خۆمانی پێوە دیاربێت..**

**بیری پیاو سالار و خانەیەك بۆ ئەدەبی ژن:**

**هەموومان کۆکین لەسەر ئەوەی کۆمەڵگای ناوچەی خۆرهەڵاتی کۆمەڵگایەکی باوك/پیاوسلارە هەتا سەر ئێسقان.. بەڵام ئایا تەنها پیاو هەڵگری بیری باوك/پیاو سلارە؟ ئەمە پرسیارەکەیە.!! بەباوەڕی من بەشێکی زۆری ئەو مەینەتیەی بەسەر ژن دێت لەو کۆمەڵگایەدا دەستی ژنی تیایە ، ئەگەر نا ، هەر نمونەی خەتەنەکردنی کچ بە نمونە ئەهێنمەوە ، کە نازانم تا چەند کەمی کردووە ئیستا لە کوردستان ، یان زیادی کردووە ، کە بە پێی زانیاریەکانم زۆربەی زۆری ئەو کچانەی خەتەنە ئەکرێن بەدەستی ژن خەتەنە ئەکرێن...**

**هەڵبەتە من لێرەدا نامەوێ باس لە دیاردەکانی تری کۆمەڵگا بکەم کە ژن تیایدا بکەریشە و قوربانیشە ، بەشی وتارێکی تر ئەهێڵمەوە ، بەڵام تیشك ئەخەمە سەر مەسەلەی (ئەدەبی ژن) کە مەسەلەیەکە جێی باسە... من باوەڕم وایە ئەو ئەدەبە بوونی نیە ، زۆر جار ئەوەم وتووە و ئەشیڵێمەوە و زۆر کەسیش هەمان باوەڕی منیان هەیە..بەڵام هەرگیز ناڵێم ئەوانەی داوای جیاکردنەوەی خانەیەك ئەکەن بۆ ئەدەبی ژنان زەرەر ئەدەن لە مەسەلەی ژن ، چونکە تۆ بەو شێوەیە خەبات ئەکەیت ، من بەو شێوەیە ، ئەوەش مانای ئەوە نیە تۆ ژنانە بیرئەکەیتەوە و من پیاوانە ، ئا لێرەدا ناچارم جارێکی تر قسەکەی سیمۆن دۆبۆڤوار بهێنمەوە کە دەڵێ: پیاو ئەزانێت مرۆڤە ، ژنیش ئەزانێت ژنە ، ئەو دەمەشی ژن ئەخوازێت وەکوو ئادەمیزاد خۆی بنوێنێت تۆمەتباری ئەکەن بەوەی کە لاسایی پیاو ئەکاتەوە.." هەڵبەتە سیمۆن دۆبۆڤوار مەبەستی لەوەیە زۆربەی زۆری کۆمەڵگاکانی دونیا مۆرکی پیاوسالاری هەڵگرتووە ، بۆیە بەمرۆڤبوون لای هەندێ کەس مانای بە پیاوبوون ئەگەیەنێت ، لە کاتێکدا هەموو کۆمەڵگا باوەڕی هێناوە کە ژن ژنە ، و لەسەر ئەو بنەمایە ئەو هەموو سووکایەتیە پێدەکرێ ، ئەو مافانەشی زەوتکراون لەبەر ئەوەیە ژنە ، دەنا ئەگەر دان بە بەمرۆڤبوونی ژندا بنرێت ، باوەڕم وانیە هیچ کات بەو شێوەیە مافەکانی پێشێل بن ، ژن بۆیە سووکە لەکۆمەڵگی ئێمەدا چونکە تەنها وەکوو ئادەمیزادێکی لاواز دەدرێتە قەڵەم ، لەکاتێکدا من دەبێت بیسەلمێنم کە مرۆڤێکی ژنم و ژنێکی بەهێز...لەبەر ئەوە ئەرکی سەر شانی من و هەموو ژنان ئەوەیە ئەو مۆرکە لە مرۆڤایەتی بکەینەوە ، مۆرکی (پیاوی) بەوەی جێگەی ژنی تیا بکەینەوە ، بەوەی ژن بکەین بە مرۆڤ ، بۆ ئەوەی پیاو شانازی بەوەوە نەکات هەر خۆی مرۆڤە ، نەخێر منیش مرۆڤم ، بەڵام من رەگەزم ژنە و تۆ رەگەزت پیاو.!! ئەوەی بانگەشە بۆ**

بیرۆكەی جیاكردنەوەی خانەیەك بۆ (ئەدەبی ژن) دەكات ، وەك ئەوە وایە داوا بكات خوێندنگاكان با هەر جیاوازبن واتا خوێندنگای كوڕ بە جیا و خوێندنگای كچ بە جیا ، كە ئەوەش زەرەری گەورە لە تەندروستی دەروونی ئەو منداڵ و گەنجانە ئەدات لە دواڕۆژیاندا ئاكام و گرێكانی دەرئەكەوێت كە یەكێكیان داواكردنی خانەیەكە بۆ (ئەدەبی ژن)..

هەرچەندە باوەڕی تەواوم هەیە بیرۆكەی خانەیەك بۆ (ئەدەبی ژن) هەر لەسەرەتاوە بیرۆكەی ژن نەبووە ، بگرە بیرۆكەیەكی پیاوانە و پیاوسلارە ، بۆیە ئەڵێم ئەو خانەیە بۆ ئەوە نیە ئەدەبی ژن بەرز راگیرێت ، بەڵكوو بۆ ئەوەیە ئەدەبی ژن لەپەراوێز بنرێت و هەموو بەرهەم و داهێنانی ژن دوورخاتەوە لەو بوارەی پیاوی تیا ڕاوەستاوە ، پیاو ئەوەی كردووە بەمەبەستی ئەوەی ژن دوورخاتەوە لە گۆڕەپانی ململانێ ئەدەبی و ئینسانیەكان نەكا ژنێكی بەهرەمەند بەرامبەری بوەستێ ، بەوەی بەندی خانەیەكی بكەن بەجیا ، تەواو وەكوو ئیسلامیە توندڕەوەكان یان عەشایەرەكان ، یان هەڵگرانی بیری كۆمەڵایەتی دواكەوتوو كە ژن لە ژوورێك نان ئەخوات و پیاو لە ژوورێكی تر ، تەنانەت لە تەعزێكاندا ژن لە شوێنێك دا ئەنیشێت و پیاو لە شوێنێكی...هتد..

جاتۆ ئەگەر ئەدەب جیاكەیتەوە ، ئەی دەبێت هونەریش جیاكەیتەوە ، و هەموو بوارەكانی تریش جیاكەیتەوە و هەریەكە لە جیهانێك وەك ئەوەی نەیەیت بەلاما دەستنوێژم ئەشكێت..ئەوەش هەمان كردارە بەڵام بەناوی فێمێنیستیەوە ، بەشێوەیەكی ناڕاستەوخۆ ژن خۆی بەندی خانەیەك ئەكات و خۆی لە گۆڕەپانی پیاو دوور ئەخاتەوە... لە كاتێكدا وا پێویست ئەكات لەسەر هەمان خاك بەرامبەر پیاو بوەستم و بەهەمان چەك شەڕی پێ بفرۆشم ، بۆ ئەوەی بۆ بسەلێنم كە منیش مرۆڤم وەكوو ئەو و هیچم كەمتر نیە ، بۆ ئەوەی بەتەنها خۆی نەكاتە سەردار و سەروەر ، بۆ ئەوەی پێی بڵێم منی ژن لەتۆ بەتواناترم ، تەنانەت بۆ ئەو كار و پیشانەی تەنها بەتۆی پیاو ئەكرێ،..

هەروەك من هیچی ئەو ژنانە بە پێشەنگی خۆشم نازانم كە پانتۆڵ و كالە لەبەر ئەكەن و بەدەنگی بەرز قسە ئەكەن و دەست بەخۆیاندا ناهێنن و دژی ئارایشتن ، گوایا بەو جۆرە یەكسانی بەرجەستە ئەكەن ، لەكاتێكدا جوانی ژن لەوەدایە نەرم و نیان و ناسك بێت و لەوەدایە هەمیشە دەست بەخۆیدا بهێنێت و ئارایشت بكات ، چونكە ئەوە گوزارشت لە لاوازی ژن ناكات ، بەهێندی ئەوەندەی گوزارشت لەوە دەكات كە من ژنم ، لەگەڵ توانا و بەهرەكانمدا ئەوانەش گوزارشت لە رەگەزەكەم دەكەن ، بۆیە منیش باوەڕم وایە ژن و پیاو دوو رەگەزی جیان بەڵام لە یەك جیهاندا ، لەسەر یەك رووبەر لە فیكر و داهێنان و ئەدەب...ئەسڵەن جیاكردنەوەی ئەدەب لەسەر بنەمای رەگەز هەرگیز ئامانجی جیاوازی دوو رەگەزەكە بەرجەستە ناكات ، بەهێندی ئەوەندەی ژن دوورئەخاتەوە و ئەیهاوێتە پەراوێزەوە..هەروەك باوەڕیشم وایە مرۆڤبوون لەبەردەم پیاودا مەسخكردنی بوون و كەسایەتی ژن نیە ، ئەگەر خۆم شانازی بە ژنێتی خۆمەوە بكەم چ پێویست ئەكات خۆم بەندی خانەیەك بكەم كە ئەدەبەكەم بچووك ئەكاتەوە.. و هیچ كات پیاوێك ناتوانێت ژنێك مەسخ بكات ئەگەر ژنەكە خۆی لاواز نەبێت و رێگەی نەدابێت پیاوەكە لەغووی بكات..

من وەكوو ژن ئیقتیحامی جیهانی پیاو ئەكەم و خۆم ئەسەپێنم ، ئینجا بزانم كە تۆ ئەركێكت هەبوو وەكوو مرۆڤ و دروشمێكت هەبوو شەڕی بۆ بكەیت و رێبازێكی تایبەت بە ژنێتی خۆتت هەبوو ، بزانم چ پیاوێك ئەتوانێت مەسخت بكات ، ئەگەر خۆم بەهرە و تواناكانمی پێنەفرۆشم ، خۆی ناتوانێت زەوتی بكات..

تێبینی: هەڵبەتە لەم وتارەدا زیاتر باس لە ژنی ئەدیب و ئەکتیڤی بواری ئەدەب و خەباتی دۆزی ژنان ئەکرێت.. هەروەها ئەم وتارە نابێتە وەڵام بۆ هیچ وتارێك ، بەهێندی ئەوەندەی روونکردنەوەی هەندێك خاڵن لەبەر رۆشنایی وتارێکدا بەمدواییە بلاّوبۆوە بەناونیشانی (چەند سەرنجێك لەسەر بابەتەکەی ڤینۆس فایەق سەبارەت بە ئەدەبی ژن..) لە رۆژنامەی (هاولاّتی) ژمارە 3312 رۆژی 7ی فێبریوەری رابردوو..

---

ئەم وتارە لە ڕۆژنامەی هاولاّتی لە بەرواری مارت 23 و2007 بلاّو بۆتەوە .